قوباد تاهیر بانی: موچەی فەرمانبەران نافەوتێت و کێشەی بڕیارە



جگری سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان رایدەگەیەنێت، دەیانەوێت کێشەی بەکشەی موچەی فەرمانبەرانی هەرێم بهێنن و لە ساڵی 2024 شتێك نەمێنێت بەناوی کشەی موچە و لەبارەی سێ موچەی کێشەی ساڵی رابردوش دەڵێت، "هیچ موچەیەکی فەرمانبەران نافەوتێت". قوباد تاهیر بانی، جگری سەرۆك وەزیرانی هەرێم لەمیانەی راگەیاندنی دەستپێشخەری یەکەمین چالاکی پلاتفۆرمی سمارت کە پڕۆژە" ، یاندرایگە نوسانرۆژنامە بۆ لێدوانکدالە ،سلێمانی شاریلە (SMARTSULI) سولیەی بۆیە لە سلێمانیەوە دەستپێدەکات، بواری ئەوەش هەیە لەشارەکانی دیکەش بەکاربهێندرێت".

سەبارەت بەموچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستانیش، قوباد تاهیر بانی وتی، "هیوادارم لە ساڵی 2024 چارەسەرێکی ریشەیی بدۆزینەوە بۆ کێشەی موچە، بۆئەوەی کێشەیەك نەمێنێت بەناوی کێشەی موچە، بەجۆرێك کە هەمواری یاسای بودجە پەسەند بکرێت و هەمولایەك پابەندبێت بەهەمواکردنەوەکەی".

وتیشی، "شاندی هەرێم لەبەغدایە و گەشبینم و هیودارام کێشەکان چارەسەر بکرێن، ئەوەی بیستومە کێبونەوەکانیان تا ئێستا باش بەڕێوەدەچن".

سەبارەت بەموچەی مانگی (10 و 11 و 12)ی ساڵی2023ی فەرمانبەرانی هەرێم، قوباد تاەبانی ئاشکرایکرد، " نابێت هیچ موچەیەك بفەوتێت و هەمو هەوڵێکیش لەو ڕوەوە دەدەین، مافکی یاسایی موچەخۆرانە و بەهیچ شێوەیەك نابێت بفەوتێت".
جێگری سەرۆک وەزیرانی هەرێم وتی، "ئێمە لەپەیوەندیدابوین لەگەڵ مامۆستایان و لێکتێگەیشتمان هەیە بۆ ناەزایەتیەکانیان و مافی خێیانە داوای مافەکانیان بکەن، ئەوەی ئەمڕۆش حکومەت بڕیاری بۆ دەرکردون بەشێك لەو داواکاریەکانی مامۆستایان لەخۆدەگرێت، بڕیارەکە دروستە، بەهیواین دەرگای قوتابخانەکان بکرێنەوە". ئەوەشی رونکردەوە، شاندەکەی هەرێم لە بەغدا بەردەوامە بۆئەوەی هەموارێك بکرێت بۆ یاسای بودجە تاوەکو کێشەی موچە بەیەکجاری چارەسەر بکرێت، "دەبێت کێتایی بەمە بهێنین و ئەمە بۆ پینەناکرێت، کێتایی بەم کێشەیە بهێندرێت و ساڵی 2024 باسی موچە نەکەینەوە.